گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper 32
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠١/٠٦
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٣/٠٣
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# ژن لە هزر و فەلسەفەی ئیسلامیدا لە بەغداد و ئەندەلوس لەماوەی هەردو سەدەی 5-6ک/11-12ز، لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی شیکارییە

**د. سەنگەر عبدالله رسوڵ**

Sangar.history@uor.edu.krd

بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

بەهۆی ئەوەی ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم ناوچەیە، پەیڤین و لێکۆڵینەوەی زۆر دەربارەی پێگە و ڕۆڵی ژن دەکرێت، لە هەمانکاتدا جیاوازی و بەریەککەوتنی توند لەنێوان لایەنگر و دژبەرانی هزری ئیسلامی لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژن بەردەوامە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئامانجی دەربڕینی دیدێکی زانستی لە هەناوی سەرچاوەکانەوە، بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی دور لە لایەنداری و لەسیاقی ماوە مێژوییەکەدا، دەرگا بەڕوی ئەم بابەتدا دەکاتەوە. زۆرجار لە ناو ڕۆشنبیران و تایبەتمەندانی بوارەکە، تەنانەت خەڵکی گشتیدا، پەیڤین و گفتوگۆی فراوان لەبارەی ماف و پێگەی ژنان لەناو موسڵمانان دەکرێت، هەندێک لە بۆچونەکان بەو ئاراستەیە دەشکێنەوە، کە بەشێک لەو کێشە و گرفتانەی بەرەوڕوی ئەم ڕەگەزە بوەتەوە وابەستەیە بە ئایین، بەپێچەوانەشەوە بەرەیەک بەرگری لەوە دەکات و ڕوبەڕوی ئەم تێڕوانینە دەبێتەوە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە دیدێکی زانستی و ئەکادیمیدا ئەم بابەتە لەدیدگای زانایانی ئیسلامییەوە شیبکاتەوە.

توێژینەوەکە مەبەستییەتی شیکردنە و ڕاڤەی ژن لە دیدگا و تێڕوانینی چەند بیرمەند و فەیلەسوفێکی نێو مێژوی موسڵمانان بکات، لە ماوەی هەردو سەدەی (5- 6ک/ 11- 12ز)، لەهەردو ناوچەی جوگرافی بەغداد و ئەندەلوس. لەڕێگەی گەڕان و وردبونەوە لەسەرچاوەکان، سەرنج و تێڕوانینی زانایانی ئیسلامی دەرباری ژن بخاتە پێشچاو. هەروەها گەڕان بەدوای ئەو پرسیارەی کە ئایا تا چەندە کەلتور و نەریتی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕوانینی ئایینی و مەزهەبی دەربارەی ژن لەناو شارستانییەتی ئیسلامیدا، ڕەنگی داوەتەوە؟ بەرمەبنای ئەوە مەبەستی توێژینەوەکە

لەبەریەکڕانان و بەراوردکاریی دەکات بۆ بۆچونی زانایان و فەیلەسوفانی ئیسلامی لەهەردو ناوچەکە کە بریتییە لە بەغداد و ئەندەلوس دەکات.

لە پێکهاتەی توێژینەوەکەدا دیدگای زانا و شەرعزانەکان لە ناوچەکانی بەغداد و ئەندەلوس دەخرێتەڕو، هەروەها بەشداری ژن لە چالاکییە گشتی و ڕۆشنبیرییەکان لەهەردو ناوچە ڕون دەکرێتەوە.

**کلیلە وشەکان:** ژن، بەغداد، ئەندەلوس، هزر، شەرعزان.

## پێشەکی:

لەناو کایەی گشتی و ئەکادیمیدا پرسی ژنان پێگەیەکی ناوەندیی و گرنگە، ماددە و کەرەستەی گفتوگۆ و پەیڤینی لە گۆڕەپانی هزری و ڕۆشەنبیریدا لێکەوتوەتەوە، تا ئاستێک بوەتە بابەتێکی گرنگی پێکهێنەری پرس و کێشەی فەلسەفە لە سەردەمی تازەدا. زیاتر لەم دو دەیەدا، ماف و ئازادییەکانی ژنان، بوەتە پرسگەلێکی گرنگ و گەرم لەناو کایەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبونی توندوتیژی و خراپبونی دۆخ و هەلومەرجی ئەم توێژەی کۆمەڵگە. ئەمەیە وایکردوە ناوەند و دەزگا ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان گرنگی بەو بابەتە بدەن. توێژینەوەکە لەڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسارییەتی بەرانبەر ئەو پرسە گرنگە لەچوارچێوەی هەوڵە زانستییەکاندا، دەستیبراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە، بە ئامانجی ئەوەی دید و تێڕوانینی کۆمەڵگە و بەتایبەت شارستانییەتی ئیسلامی بەرانبەر ئەرک و مافی ژنان نیشان بدرێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتگیر و ڕون پێشکەش بکرێت بۆ دیاریکردنی گرفتەکان و لەهەمانکاتدا هەوڵێکیشە بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی پرسی ژنان لەناو کۆمەڵگەدا.

گرفتی توێژینەوەکە بریتییە لە گەڕان بەدوای هەڵوێست و دیدگای زانا و بیرمەندانی ئیسلامی لەماوەی هەردو سەدەی (5-6ک/11-12ز)، لە هەردو ناوەندی گرنگی شارستانییەتی ئیسلامی کە بریتییبو لە بەغداد و ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا). لەمیانەی توێژینەوەکەدا سەرنج دەخرێتە سەر ئەو تێڕوانینەی کە بەرانبەر ژنان هەبوە.

هەڵبەتە لەڕێگەی میتۆدی بەراوردکاری و ڕەخنەییەوە، زانیارییەکان لەسەرچاوەکانەوە، شیتەڵ و شرۆڤە دەکات، بۆ گەیشتن بە بۆچونێکی دروست، بە ئامانجی ڕۆشنکردنەوە و بەرچاوڕونی بۆ ئەو بۆچون و دیدە ڕەخنەییانەی ئاڕاستەی ئایینی ئیسلام دەکرێن، کە پێیوایە ئەم ئایینە ماف و ئازادییەکانی ئەم توێژەی بەرتەسک کردوەتەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێشەکی، چوار تەوەرە، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەخۆدەگرێت. لەتەوەرەی یەکەمدا گەڕاوینەتەوە بۆ دیدگای گشتی بەرانبەر ژنان لەچوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا. لە تەوەرەی دوەمدا، تیشک خراوەتەسەر بۆچون و تێڕوانینی زانایان و فەقیهانی شاری بەغداد لەبارەی ئەک و مافەکانی ژنانەوە. تەوەرەی سێیەم تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕامان و دیدگای فەیلەسوف و بیرمەندانی وڵاتی ئەندەلوس و بەراورد

کردنیان لەگەڵ بۆچونی زاناکانی بەغداد. لە تەوەرەی کۆتاییدا، هەوڵدراوە بەشداری توێژی ژنان لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری لە هەردو ناوچەکە ڕونبکرێتەوە.

**تەوەرەی یەکەم: وێنەی ژن لە کەلتوری ئیسلامیدا**

لەکۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمەدا ژن وەک بونەوەرێکی جیاواز و نامۆ سەیرکراوە، دیدگا و ڕوانینی خەڵکی بەرانبەر ئەم ڕەگەزە بەشێکی وابەستەی نەریت و کەلتور و ئایین بوە، بەشێکیتری وابەستە بو بە لاوازی جەستە و نەبونی هێز و وزە بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر. بە واتایەکیتر هێز و بازو بۆ کارکردن و تەنانەت بۆ شەڕ، کە سیمیای دیاری ناو کۆمەڵگەکان بوە، هۆکارێک بوە بۆ جیاکاری ڕەگەزی و قوڵبونەوەی تێڕوانینی نەرێنی بەرانبەر بەژنان. شایەنی ئاماژەدانە لەناو کەلتوری عەرەب پێش ئیسلام ژن بەچاوێکی جیاواز و سوک سەیرکراوە، مافەکانی تا بینەقاقا پێشێلکراون (ابن منظور، 1993، 417/4). هەروەکو خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ (سورة الاسراء، 31)، ڕاڤەی ئەم ئایەتە لەلای بەشێک لە زانایانی سەدەی دوەم و سێیەمی کۆچی/ هەشتەم و نۆیەمی زاینیدا، ئەوەیە کە مەبەستی ئەم ئایەتە بریتییە لە کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی کچان (البلخي، 2002، 529/2 ؛ ابن الفراء، دس، 357/1)، عەرەبەکان ڕوبەڕوی هەستی شەرمەزاری دەبونەوە، کاتێک ژنەکانیان منداڵی کچی بوە، بۆ خۆڕزگارکردن لە شەرمەزاری و خۆ بەکەم بینین، منداڵە کچەکانیان زیندەبەچاڵکردوە (سورة النحل، 58-59).

لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە نەرێنییە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێینە، تەنها وابەستە نەبوە بە کەلتور و نەریتی عەرەبەکانەوە، بەڵکو دیاردەیکی جیهانی بوە، لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەوکاتەدا پێگە و پلەی ژن لەئاستێکی زۆر خراپدا بوە. لە هەندێ کاتدا توێژی ژنان، لەئاستی کۆمەڵگەدا بەگشتی، لەچوارچێوەی بازاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلەدا مامەڵەی پێوەکراوە و پلەی مرۆڤبونی لێ سەندراوەتەوە (محمد الغزالي واخرون، د.س، 11-12). باڵادەستی گوتاری دژەژن و تێڕوانینی نیرینە بەرانبەر ڕەگەزی مێینە، کەلتورێکی ئێجگار کۆن و بەجێماوی مێژوی مرۆڤایەتییە، پەیوەندی بە خو و نەریتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەبوە (کیال، 1981، 31-49)، هەروەک دەزانرێت لەلای یۆنانییەکان بەتایبەت ئەرستۆ و ئەفلاتۆن پلەی ژن لەنێوان پیاوانی ئازاد و کۆیلە دانراوە، ئەم بیرکردنەوەیە توانای داهێنەرانەی ژنانی ڕوبەڕوی چەقبەستویی و قەتیسبون کردوە (Smith, 1983), Volume 21, 4, 467-478 ؛ امام، 1996أ، 60-64 74). لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی دۆخی ژنان بەبەراورد بە پێشو باشتربو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگە و بایەخی ئەم توێژە لەناو دەقی پیرۆزدا، ئایینی مەسیحی کۆمەڵێک مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە ژنان بەخشی، بەرمەبنای ئەوە چەند ئەرک و بەرپرسیاریەتیشی خستە ئەستۆ. سەرباری ئەوەی کە ئایینی مەسیحی ئەو پێگە گرنگەی بۆ ژنان دانابو، بەڵام لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا مافی ژنان بەو جۆرە ڕەچاونەکرابو کە

دەقەکانی ئینجیل جەختی لێکردوەتەوە، بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ئایینەکەدا هات (المسكين، 1982، 27-32؛ فاخوري، 1998، 27-38)، لێرەوە دۆخ و ژیانی ژنان نەک باشتر نەبو، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر چەوسێندراونەتەوە، لەو بارەیەوە پیاوێکی ئایینی بەناوی (القديس بونا فونتيرا م.1284ز) گوتویەتی: **((ئەگەر ژنێکت بینی، وا هەست مەکە مرۆڤێک دەبینی، بەڵکو هەست مەکە تەنانەت بونەوەرێکی دڕندەش دەبینی، چونکە ئەوە شەیتان خۆیەتی، ئەگەر قسەی کرد، ئەوە گوێت لە فیسکەی مارە))** (امام، 1996ج، 5).

لەناو ئەو بیرکردنەوە سەرتاسەری و گشتگیرییەدا، ئایینی ئیسلام پێگەیەکی گرنگ و جیاوازی بە ژنان بەخشیوە. دەقەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کە سەرچاوە و بنچینەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بوە، کاریگەری قوڵی بەسەر هزر و چۆنییەتی مامەڵەککردنی لەبارەی ژیان و دەوروبەر هەبوە، لەچەندین شوێن و حاڵەتی جیاواز باسیان لە ژن و پێگەی ئەو ڕەگەزە کردوە، لەبارەی چۆنییەتی دروستکردنی مرۆڤەوە، هەردو ڕەگەزەکە بەیەکەوە لەیەک سەرچاوە و یەک (نفس) بەیەکسانی دروستکراوە (سورة النساء، 1؛ سورة الانعام، 98؛ سورة الاعراف، 198). قورئانی پیرۆز لەچوارچێوەی بەرگری و یەکسانکردنی ژنان لەگەڵ پیاواندا، سەرزەنشتی دابونەریتی عەرەبەکانی پێش ئیسلام دەکات، کە چۆن لەکاتی ئەوەی کە مژدەی هاتنە دونیای کچیان پێدراوە، دڵتەنگ و خەفەتباربون (سورة النحل، 58-59). ئەم سەرزەنشتە بەئاشکرا مانای ئەوە دەدات کە هیچ جیاوازییەک لەنێوانی ڕەگەزی نێر و مێدا نییە، بەڵکو هەردوکیان دروستکراوی خودای گەورەن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەڕوی ئەرک و بەرپرسیارییەتی ئایینییەوە نەک تەنها بەیەکسانی لەگەڵ پیاو سەیرکراوە (سورة الزمر، 6)، بەڵکو ڕەچاوی ئەوەش کراوە کە پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی جەستەی ژن بوەتە هۆکاری سوککردنی ئەرکەکان بەتایبەت نوێژ و ڕۆژی ڕەمەزان (الدبوسي، 2001، 422)، لەگەڵ ئەمەشدا لەپاداشت و خۆشییەکانی ڕۆژی دواییدا هاوتای پیاوان کراون (سورة النساء، 125؛ سورة النحل، 97).

یەکێک لە چاکەکانی پێغەمبەری ئیسلام و پەیامەکەی بەرانبەر ئەم ڕەگەزە، پاڵپشتیکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان و ڕزگارکردنیان لەکۆیلایەتی بوە (مؤنس، 1988، 36-37؛ الخزرجي، 2023، 852-853)، هەروەها مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم چینە بە باوەڕەوە بەستوەتەوە، هەروەکو لەوبارەیەوە فرمویەتی {مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ، ...، واسْتَوْصُوا بالنِّساءِ خَيْرًا، فإنَّهُنَّ خُلِقْنَ مِن ضِلَعٍ، وإنَّ أعْوَجَ شيءٍ في الضِّلَعِ أعْلاهُ، فإنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وإنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أعْوَجَ، فاسْتَوْصُوا بالنِّساءِ خَيْرًا} (البخاري، 1311هـ 26/7). لەلایەکیترەوە بە بڕوای یەکێک ڕۆژهەڵاتناسان، کە پێیوایە لەناو کەلتورێکی دواکەوتو و دژەژندا، قورئان پێگە و ڕۆڵی ژنانی بە بەرزی نیشانداوە (برغل، 2016، 417-424). هەروەها ڕۆژهەڵاتناسێکیتر باس لەوە دەکات، دوای بڵاوبونەوەی قورئاندا، پێگەی ژنان بەرزبویەوە، بەتایبەت لەبواری ڕۆڵگێڕانیان لە زانست و ڕۆشنبیری، هەروەها لەسەردەمی عەباسییەکان لەبەغداد و ئومەوییەکان لە ئەندەلوس، ژمارەیەک ژنی بەناوبانگ دەرکەوتن، ئەم نوسەرە ئاماژەی بەوە کردوە بەجۆرێک پلەیان بەرزبویەوە،

کە هەندێکیان وەکو ڕێز و شکۆ لەسەر کورسی خیلافەت دانیشتون، بەدیاریکراوی لەساڵی (245ک/860ز)، یەکێک لە کچەکانی خەلیفە لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت (لوبون، د.س، 403–404). جێی سەرنجە ئەم ڕۆژهەڵاتناسە ناوی خەلیفە و کچەکەشی نەهێناوە، دەزانرێت کە لەو ساڵەدا هێشتا خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس دروست نەکرابو، بەڵکو ئەو ماوەیەی ئەم کەسایەتییە باسی دەکات بەسەردەمی میرنشینی دەناسرێت (135–316ک/756–929ز)، لەو ساڵەدا (محمد بن عبدالرحمن 238–273ک/852–886ز) فەرمانڕەوا بوە، کەواتە ئەگەر شتێکی لەوجۆرە لەئارادا بوبێت، دەبێت کچی ئەم میرە بوبێت، هەرچەندە بەدواداچون و گەڕانی زۆرمان کرد، بەڵام ئێمە هیچ زانیارییەکمان بەرچاونەکەوت.

جگە لە دەقەکانی قورئان، فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلام لە زۆرێک لە گوتە و ڕەفتارەکانیدا پاڵپشتی و بەرگریکاری مافی ژنان بوە، لەسەر ئەو بنچینەیە باشترین و چاکترین پیاو بەوانە ئەژمار دەکات کە لەگەڵ ژنانەکانیان باشن (ابن حنبل، 2001، 12، 336).

هەر لەگەڵ وروژاندنی ماف و پێگەی ژن لەناو کایەی گشتی و ئەکادیمیدا، بەشێک لە ڕۆژهەڵاتییەکان لە سەردەمانی زو تا ئێستا، هەروەها چەندین ڕۆژهەڵاتناس، ڕەخنەیان لە ئایینی ئیسلام گرتوە، گوایە پێگەی ژنانی لەبەرچاونەگرتوە، یەکێک لەو پرسانەی ئەوانی نیگەران کردوە، گوایە ژنان لەبەرامبەر پیاوان لەبابەتی میرات یەکسان نیین. ئەگەر بە وردی و سەرنجەوە لە کەلتور و فیقهی ئیسلامی بڕوانرێت، دەردەکەوێت ئەو ڕەخنە و سەرنجانە پێچەوانە دەبنەوە، چونکە ئاشکرایە کە لەبابەتی میرات ژن تەنها لە چوار حاڵەت نیوەی پیاوان میرات دەگرێت، بەڵکو لە دە شوێندا ژن و پیاو یەکسانن، ئەمە سەرباری ئەوەی ژنان لە چواردە حاڵەتدا میراتی زیاتر لە پیاو دەگرن (البركاتي، 2010، 50–58).

سەرباری هەمو ئەوانە، بیری پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کەم و زۆر بەردەوام بو، بەپێچەوانەی هەمو ئەو دەق و ڕێنماییە ئایینییانەی کە پشتگیری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان دەکەن، بەڵکو هەندێجار ئەم دەق و ئاماژانە بە قازانجی نێرینەکان ڕاڤەکراون، یان تەفسیرێکیان پێدراوە، کە لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە نەریتییە مێژوییەدا، هاودەنگ و تەبا بێت، هێواش هێواش ئەم دیدگایە لەناو گوتاری ئەدەبی و هزری ئایینیدا تواوەتەوە. لە دوتوێی کتێبە ئەدەبی و فیقهییەکانی ئەو ماوە مێژوییە، گوتارێکی نەریتی دژە ژن نەک ئایینی، لە بەرژەوەندی بیرکردنەوەی باوی گشتیدا نەشونمای کردوە.

بەرمەبنای ئەوە گوتارێکیتری ئایینی لە قوڵای ئەو کۆمەڵگایەدا، لەئاستێکی بەرزدا، ئامادەیی هەبوە، کە بەتەواوی بەرگری لە ئەرک و مافەکانی توێژی ژنان کردوە، ئەم دیدگایە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی باڵادەست، هەوڵیداوە هەمو ئەو دەقانەی دژ بەم چینەی کۆمەڵگا بە نەریتێکی پیاوسالاری ماناداركراون، جارێکیتر ڕاڤە و لێکدانەوەی

جیاوازی بۆ بکات، بە شێوەیەک خزمەت بە گۆڕینی ڕوانینی نەرێنییانەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە ژنان بکات، ئەم گوتارە لەناوچەکانی جیهانی ئیسلامی وەک بەغداد و ئەندەلوس و بەردیاریکراوی لە لای ئەو زانا و شەرعزانانە بەربڵاوبو، کە لە گۆشەنیگای فەلسەفییەوە دید و تێڕوانینەکانیان دەرخستوە.

ئەوەی مایەی سەرنج و لەسەر وەستانە، ماف و پێگەی ژن لەناو موسڵمانان بەو پێوەر و بنەمایانەی کە دەقەکان جەختی لێکردوەتەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە لەدیدگای خەڵکی ناموسڵمان و ڕەخنەگرانەوە هەندێ بابەت و پرسی گرێدراو بەژنان لەلای موسڵمانان وەک بێمافی و کەمبایەخی ژن لێکدراوەتەوە، لەکاتێکدا ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ ژن کراوە، بریتییوە لە مامەڵەی دەقەکان، بەتایبەت سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ لەلایەن پیاوانە کە لە قورئاندا هاتوە ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ (سورة النساء، 34)، ئەمە لەلای شارەزایانی لێکدانەوەی قورئان بەوجۆرە ڕاڤەکراوە، دەسەڵاتەکە تەنها بەهۆی ئەوەیە کە پیاو ئەرکی پەیداکردنی پارە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژن و ماڵەکەی کەوتوەتەوە ئەستۆ، ئەگینا لەڕوی ڕێز و شکۆوە هیچ جیاوازیەکیان نییە (الثعلبي، 2015، 10، 292؛ ابن المختار، 2008، 1، 1311)، هەروەها لە تەفسیری ئەو ئایەتەی کە باس لە بەرزی پلەی پیاوان بە بەراورد بە ژنان دەکات، کە دەفەرموێت ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ (سورة البقرة، 228)

## تەوەرەی دوەم: ژن لە ڕوانگەی زانا و شەرعزانانی بەغداد

لەچوارچێوەی کەلتورو و بیرکردنەوەی گشتیدا بەشێک لە فەقیهان و شەرعزانەکانی ئیسلامی، لێکدانەوە و ڕاڤەیان بۆ ئەو دەقانە کردوە، کە لەبارەی ژنانەوە هاتون. زانا و کەسایەتی سەردەمی عەباسییەکان (الماوردي م.450ک/1058ز) وەک سیاسەتمەدارێکی دیار، لەژێرکاریگەری کەلتور و نەریتی سیاسی سەردەمەکەیدا، بەپێچەوانەی بۆچون و دیدگای زانا و ڕاڤەکەرانی قورئان، پێیوایە ژنان لە هەمیشە ژنان لە بواری عەقڵ و بۆچوندا لە خوارەوەی پیاودا دەبینرێن (د.س، 480/1)، هەروەها ئەم کەسایەتییە بەشداری و ڕۆڵی ژنان لە کاروباری سیاسییدا بە مەترسی دەزانێت، ئەو لەچوارچێوەی بیرکردنەوەی گشتیدا بیرکردوەتەوە و باسی لەوە کردوە، کە ئەوکاتەی ئادەم گوێی بۆ قسە و پێشنیازەکانی (حەوا) گرتوە، توشی بەڵا و دەردەسەری بوەتەوە، هەروەها پێیوایە ژنان و منداڵان ئەم دو چینەن، کە عەقڵیان ناتەواوە، بۆیە ڕوخان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ساسانییەکان بە دەستوەردانی ژنانەوە گرێداوە، لەسەر ئەم بنچینەیە ڕێنمایی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی کردوە گوێ بۆ ژنان نەگرن (1407هـ 224-225). نوسەر ئەرکی ژنان تەنها لە منداڵبون و کاروباری ناوماڵدا کورت کردوەتەوە (1407ه، 228).

لەلایەکیتر لەبواری بەشداری ژنان لەکاروباری سیاسی و هەڵبژاردنی سەرکردەی سیاسی وڵاتدا، بەشێکی لە زانایان بەپێچەوانەی ئەو واقیعەی کە ژنان لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و سەردەمی ڕاشدین (11-41ک/ 632-661ز)، کە ژنان ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە کاروباری سیاسیدا بینیوە (کیال، 1981، 80-87)، لە ژێر باڵادەستی تێڕوانینی نەریتی و مێژوی، (الجويني م. 478ک/1085ز) بڕوای وایە ژنان هیچ مافێکیان نییە لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی خەلیفە و دەسەڵاتدارانی وڵات (1980، 62).

هەروەها شەرعزان و زانای ئەوکاتە (الغزالي م. 505ک/1111ز)، دیدگا و تێڕوانینەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و نەریتییە هەڵقوڵاوە بو، کە لەماوەی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینیدا، لەناوچەکانی بەغداد بەرانبەر بە ژنان، باڵادەست بوە. لەبارەی هاوسەرگیریەوە دەڵێت: **((هاوسەرگیری جۆریکە لە کۆیلایەتی، ژن کۆیلەی پیاوەکەیەتی، بۆیە بە ڕەهایی گوێڕایەڵی لەسەرە، لەوەی پیاوەکەی داوا دەکات، بەمەرجێک تاوانی تێدا نەبێت))** (2011، 3/ 223). لەکاتێکدا دەقەکانی قورئان و فەرمودە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژن پێگەی بەرزی هەیە، پێویستە لەسەر پیاو پێیانەوە پابەند بێت، هەروەکو چۆن کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە ئەستۆ (الخزرجي، 2023، 855).

بۆچونی زانای ناوبراو دەربارەی ژنان، لەژێر کاریگەری ڕوانگەی ژینگەی کۆمەڵایەتی عەرەبیدا بوە نەک هەڵقوڵاوی ڕوحی ئایینی بوبێت، بەو واتایەی ئەم تێڕوانینە تایبەت نەبوە بەکۆی گشتی زانایان و شەرعزانەکان، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی گشتی کۆمەڵایەتی بوە، هەروەکو پێشوتر ئاماژەی پێدرا، کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو شارستانییەتەکانی پێشو لەناو ژینگەی عەرەبیدا ڕوابو، پاشان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی دەستەبژێری ئایینی هەبوە لەکاتی ڕاڤەکردنی دەقەکانی پەیوەست بە ژنانەوە. غەزالی ڕۆڵێکی خراپی هەبوە لە گواستنەوەی کۆمەولێک فەرمودە و گوتەی هاوەڵان (2011، 3/181-182)، کە لەبنەڕەتدا هەڵبەستراو بون و جێگەی متمانەپێکردن نین، بەڵام لە تۆخکردنەوەی وێناکردنی ژنان لە عەقڵییەتی کۆمەڵگەدا، کاریگەریی نەرێنی و خراپیان بینیوە.

ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان لەژێر هەژمون و باڵادەستی کەلتوری نەرێنی بەرانبەر بە ژنان بەجۆرێک بوە، تەنانەت شەرعزانێکی وەکو (فخرلدين الرازي م.606ک/1210ز)، کە زۆرجار وەک فەیلەسوفێک ناسراوە، لەو گۆشەنیگایەوە خوێندنەوە بۆ پێگەی ژنان بکات، بۆیە لەتەفسیری ئایەتی ﴿**وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً**...﴾ (سورة الروم، 21)، پێیوایە ژنان وەکو ئاژەڵ و درەختەکان دروستکراون، بەمەبەستی سود بین و نیعمەت بۆ پیاوان، ئەمەش دەکاتە هۆکار، کە ژنان بە ئەندازەی پیاوان تەکلیفی ئایینیان لەسەر نەبێت، لەدیدی ئەودا دروستبونی ئەوان بۆ تەواوکردنی نیعمەتە لەسەر پیاوان، لەبارەی ئەوەی کە ژنان

لاوازن و لە منداڵ دەچن، ئەم زانایە هێما بۆ ئەوە دەکات، کە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕەگەزە بۆ تەکلیفی زۆر ڕانەسپێردراون، لەبەر ئەوە دەبێت ژنان بەتەواوی گوێڕایەڵی مێردەکانیان بکەن. (1420هـ 91/25).

دید و تێڕوانینی ڕێبازی سۆفیگەری بەرانبەر ژنان لەناوچەکانی بەغداد هەمان گۆشەنیگای تێڕوانینی فیقهی باڵادەست بوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سۆفیگەری لەو ناوچەیەدا، بەهۆکاری ئەوەی گەوەرە بیریارانی سۆفی سەر بە یەکێک لە مەزهەبە سوننییەکانی وەک شافعی یان حەنبەلی بون، بۆیە تێڕوانینەکانیشیان وابەستە بو لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەی ئەم قوتابخانەیە بەرگری لێکردوە. بەواتایەیکیتر سۆفیگەری ئەم ناوچەیە لە جیهانی ئیسلامی بەتوندی پابەندی شەریعەت و ئاڕاستەی فیقهی بو، بۆنمونە بۆچونەکانی هەریەک لە غەزالی و ڕازی سەلمێنەری ئەمەن.

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم دید و تێڕامانانەی بەشێک لە زانایان و شەرعزانەکانی بەغداد سەبارەت بە ژنان، ڕەنگدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆمەڵایەتی بوە کە ڕەگوڕیشەکەی لە شارستانییەتە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتبو، کە وەک دیدێکی کۆمەڵایەتی جێی خۆی گرتبو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دۆخی ژنان لەناو شارستانییەتی ئیسلامی لەناوچەی بەغداد باشتر بو بەبەراورد بە شارستانییەتەکانی پێشوتر، هەرچەندە هەندێک لە دەقە ئاینییەکان بەجۆرێک تەفسیر و ڕاڤە کراوە، کە هاوتەریب و هاودەنگ هاتوەتەوە لەگەڵ ئەم بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییە گشتییەدا. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئەم دیدە گوزراشتی لە خودی ئاینی ئیسلام نەکردوە، بەبەڵگەی ئەوەی چەندین زانا و شەرعزان دەرکەوتون، کە بەپێچەوانەی ئەمە بیریان کردوەتەوە، بەجۆرێک بەرگریان لە مافەکانی ژنان کردوە کە وێنەی دەگمەن بوە، بۆ بەهێزکردنی بۆچونەکەشیان بەڵگەیان بەچەندین دەقی قورئان و فەرموده هێناوەتەوە، کە هەوڵدەدرێت لە لاپەڕەکانی کۆتایی ئەمە ڕۆشن بکرێتەوە.

## تەوەرەی سێیەم: وێنەی ژنان لە هزر و فەلسەفەی زانا و فەیلەسوفانی ئەندەلوس

هەروەکو باسکرا، چەندین بیرمەند و زانای دیکەی ئاینی لەناو شارستانییەتی ئیسلامیدا دەرکەوتون، کە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی باوی گشتی و باڵادەست بیریان کردوەتەوە و بەرگریکاری سەختی مافەکانی ژنان بون. لە وڵاتی ئەندەلوس فەیلەسوف و شەرعزان (ابن حزم م.456ک/1064ز)، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە فەقیهان و شەرعزانەکانی بەغداد بیری کردوەتەوە. ئەم زانایە جارێکیتر دیدگایەکی تازەی لەناو لێکدانەوەی ئاینی ئیسلامی ڕۆنا و پابەندی فیقهی لاساییکردنەوە (تەقلیدی) نەبو، بەڵکو بانگەشەی ئەوەی کردوە، پێویستە موسڵمانان خۆیان ڕاستەوخۆ لەسەرچاوەکانەوە حوکمەکان هەڵێنجن، چونکە جگە لە وتەی خواو و پێغەمبەرەکەی، شوێنکەوتنی هیچ کەسێک واجب و پێویست نازانێت (1985، 62-70). دیدگا و تێڕوانینەکانی بەرانبەر بەژنان

بەجۆرێکە، مرۆڤ هەستدەکات ڕوبەڕوی کەساتییەک وەستاوە بەرگریکاری مافەکانی ژنانە نەک شەرعزانێک، کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زاینییدا ژیاوە، لەناو کەلتور و ڕۆشنبیرییەکدا، کە بەشێوەیەکی گشتی نامۆ و نەیاربوە بەرانبەر بەژنان. ئەو زانایە یەکەمین کەس بوە، کە بەرانبەر بە بەشداری ژنان لە کاروباری گشتیدا نەک تەنها بەگونجاوی دەزانێ ڕۆڵ ببینن، بەڵکو هەستیارترین و باڵاترین کاری نێو کۆمەڵگە، کە دادوەرییە بە گونجاو و شیاو دەزانێت، کە ژنان تێیدا چالاک و بەرێوبەر بن. لەم ڕێگەیەوە ئەم زانایەی ئەندەلوس پێگەی ژنی لەگەڵ پیاو یەکسان کردوە (د.س، 8/627–528). ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبو لەسەر باشترکردنی دۆخی ژنان لە وڵاتی ئەندەلوس.

بەرانبەر بەو تێڕوانینە گشتییەی کە پێیان وابو ژن ناتوانێت هاوشانی پیاوان ڕۆڵ بگێڕێت، لەبەر ئەوەی دەقەکان پتشگیری کارێکی لەوجۆرە ناکەن، بیرمەند و فەیلەسوفی ئەندەلوسی ئەو ڕێچکەیە دەشکێنێت و شۆڕشێکی هزری گەورە و بنچینەیی لەو ڕوانگەیە بەرپا کردوە، ڕوبەڕوی ئەو لۆژیکەش بوەتەوە کە ئەم توێژە بە کەم عەقڵ (نقص عقل)، ناساندوە (ابن حزم، 1996، 4/207). لەڕاڤە و لێکدانەوەی دەقەکاندا لەبارەی پلەی ڕەگەزی مێینە لەناو کۆمەڵگەدا، لەوکاتەدا دەستی بۆ بابەتێکی تاڕادەیەک ترسناک و پڕ مەترسیدار بردوە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە بەتەواوی پێکدژبو لەگەڵ بۆچونی فیقهی باڵادەست لەجیهانی ئیسلامیدا، ئەو پرس و بابەتەش ئەوەیە کە ئەو زانایە پێیوابوە ژنان لەلایەن خودای گەورەوە ڕێزی زۆریان لێنراوە و یەکسانکراون لەگەڵ پیاواندا (1996، 4/206)، لەبەرئەوە لەدیدی ئەم زانایەدا خودای گەورە لە ژنان پێغەمبەری ڕەوانە کردوە، بۆ ئەمەش نمونە بە چەندین ژن هێناوەتەوە، کە لەقورئاندا ناویان هاتوە و سروشیان بۆ هاتوە. (1996، 5/119–121). ئەم گۆشەنیگایەی ئەم فەیلەسوفەی ئیسلامی لەوکاتەدا زۆر بەنرخ و جیاوازبوە، چونکە دیدگای کۆمەڵگە بەگشتی بیانویان بۆ نایەکسانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێیینەدا هێناوەتەوە، هەروەها ڕاڤە و خوێندنەوەی دەقەکان کراوەتە پاڵپشت و بەڵگە، بۆیە ئەم زانایە هەوڵیداوە سەرەتا ئەو تێڕوانینە نەرێنییە برەوێنێتەوە و پاشان پێگە و نرخ بۆ ژنان لەناو کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کاتێک ژنان وەک پێغەمبەر ڕۆڵیان بینیبێت، ئەوە بێگومان لەهەمو کایەکانی تریش دەتوانن شاشنبەشانی ڕەگەزی بەرانبەریان، بەشداری چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگە بکەن.

لەسەر ئەم بنچینەیە (ابن حزم)، لەکتێبە ناوازەکەی بەناوی (طوق الحمامة)دا، تێڕوانینی بەسوک سەیرکردنی ژنانی ڕەتدەکاتەوە و دیدگایەکی نوێ و تازەی لەبارەی ڕۆڵ و نرخی ژنان لەناو کۆمەڵگەدا دەربڕیوە. لەو کتێبەدا بانگەشەی ئازادی و دادپەروەری بۆ ژنان کردوە. ئەم ڕوانگەیە لەو کاتەدا زۆر گرنگ بوە، بەتایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە ڕوانینی گشتی لە چ ئاستێکدا بوە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ، لەکتێبەکەیدا، پێگەی ئافرەتان ئەو سنورە بەرتەسکانەی تێپەڕاند، کە تەنها بەچاوی حەز و خولیای سێکسی سەیریان بکرێت، بەڵکو پلەیان

بەرزدەکاتەوە، کە لە ئاستی مامۆستا و پەروەردکار ڕۆڵ دەبینن، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان ژنانی ئازاد و کویلەدا. هەورەها پاکییەتی و بەرزی شکۆیان دەردەخات (2010، 119-121).

بیرمەندەکەی ئەندەلوس زۆر ڕادیکالانە بەرانبەر مافەکانی ژنان و ڕەتکردنەوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنییە گشتییە بەرانبەریان، وەستاوەتەوە. ئەو لەبارەی دەسەڵات و هەژمونی پیاوان بەسەر ژناندا، بەتایبەت ڕاڤەکردنی ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾، (سورة النساء، 34)، وای دەبینی کە ئەمە پەیوەندی نییە بە ماف و سروشتی مرۆڤبونی ڕەگەزی مێینە و سنوردارکردنی تواناکانیان بەرانبەر بە ڕەگەزی نێر، هەروەها مانای ئەم دەقە لای ئەو مانای ئەوە ناگەیێنێت کە بەشێوەیەکی گشتی و لەهەمو کاتێک پیاوان لە ژنان باشتربن لەبواری بەڕێوەبردنەوە، چونکە ئەمە لەگەڵ زمانی عەقل ناکۆکە، بەڵکو لەلای ئەم زانایە پێگە و پلەی ئافرەتان زۆر بەرزترە لە پیاوان، بەهۆکاری ئەوەی ئەوان بەئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ هەڵدەستن, کە گرنگترین کارە لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمە سەرباری ئەوەی بە ئەرکەکانیتریش ڕادەگەن. (ابن حزم، د.س، 190/7). هەروەها بەشێوەیەکی بەرفراوان و ئاشکرا بانگەشە بۆ سەرخستنی مافی ژنان دەکات و ئەو بۆچونانەی ڕەت کردوەتەوە کە پێگەی ژنیان بە پلەی نێوان پیاو و کۆیلە داناوە. (ابن حزم، د.س، 232/12).

لەڕاستیدا کۆمەڵگە و کەلتور کاریگەری لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی فەقیهان و زاناکانی ئیسلامی هەبو، بەتایبەت لەو پرس بابەتانەی پەیوەستن بە پێگەی ژنانەوە، هەتا لێکدانەوەی بەشێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش لەژێر ئەو ڕوانگە گشتییەدا کراوە. سەرباری ئەمە (ابن حزم)، بەپێچەوانەی بەشێکی زۆر لە شەرعزان و تێڕوانینی کۆمەڵگە بیری کردوەتەوە و ڕوبەڕوی ئەم ڕاڤە و تەفسیرانەش بوتەوە، کە هەوڵدراوە بەئاڕاستەی بۆچونی باوی سەردەم و لە بەرژوەندی پیاوان دەقەکان تەفسیر بکەن. بۆیە دور نییە دژایەتی فەقیهان بەرانبەر ئەم شەرعزانە، پەیوەندی بەو ڕوانگە عەقڵانی و نوێگەرییەوە هەبوبێت، کە بەتەواوی لەگەڵ ئاڕاستەی فیقهی لە بەغداد و ئەندەلوسیش جیاواز بوە.

لەبەرانبەر ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بۆچونەکانی دەکرێت گوایە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هاوەڵان بەتایبەت (ابن مسعود م.32ک/653ز و ابن عباس م.68ک/687ز)، بیری کردوەتەوە، (ابن حزم)، وەڵامی داونەتەوە، کە قسەی هیچ کەسێک جگە لە پێغەمبەر بەڵگە (حجة) نییە بۆ پابەندبون و هەڵچنینی حوکمە شەرعییەکان لەسەری، بۆ ئەمەش چەندین بەڵگە و نمونە دێنێتەوە. (ابن حزم، د.س، 566/7).

تێڕوانینی ئەرێنی دەربارەی ئەم چینەی کۆمەڵگەوە فراوان و بەربڵاوبو، بەجۆرێک لەسەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەهەمی زاینییدا، زانا و فەیلەسوفی قوڕتوبەیی (ابن رشد م.595ک/1198ز)، بۆچونێکی زۆر گشتگیرتر و ڕونتر لەبارەی ئەرک بەرپرسیارییەتی ژنانەوە دەرخستوە. سەرباری ئەوەی ئەم فەیلەسوفە کە کاریگەربو بە

هزر و فەلسەفەی یۆنانییەکان، بەتایبەت ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، کەچی بەپێچەوانەی ئەوان قسەی لەسەر پێگەی ژنان کردوە، بە پشتبەستن بە دەقەکانی قورئان و فەرموده ژنانی لەگەڵ پیاواندا یەکسان کردوە. بیرکردنەوەکانی شۆڕشێکی گەورە بو دژی کەلتور و بیرکردنەوەی عەرەبی و فیقهی سەردەمەکەی، کە هەردو هێزەکە موڕابتین (447-541ک/ 1055-1147ز) و موەحیدین (541-668ک/1143-1270ز) کە فەرمانڕەوایی ئەندەلوسیان کردوە، بەرگری لێکراوە (عرفة، 2006، 272). ئەو زانایە لە دو ئاڕاستەوە کار لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی گشتی بەرانبەر بە ژنان کردوە. ئاڕاستەی یەکەمیان تەفسیر و ڕاڤەی دەقەکانی ئایین بەجۆرێک کردوە کە لەگەڵ ئەو دیدگا تازەیەی کە ژنان بە بەرزی دەنرخێنێت و ئەرک و مافەکانیشیان هاوتای پیاوان دەکات. ئاڕستەی دوەمیان لەڕێگەی فەلسەفەوە دەیەوێت ئەو بیرکردنەوە نەرێنیە لە بەرژەوەندی ژنان کۆتایی پێبێنێت.

بەرگری (ابن رشد)، لە مافەکانی ژنان تا ئاستێکی زۆر بەرز ڕۆیشتوە، بەجۆرێک کە وەک بەرگریکاری مافەکانی ژنان دەرکەوتوە، بڕوای بە ماف و ئازادییەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگە هێندە قوڵ بو، لەسەردەمەکەی ئەودا وێنەی کەمبو، تا ئەو ئاستەی دواکەوتویی و نەهامەتییەکانی شارەکانی ئەندەلوس بە خراپی دۆخ و مامەڵە لەگەڵ ژنانەوە بەستوەتەوە، هەر ئەمەشی کردوەتە هۆکاری دورکەوتنەوەی سیاسییەکان لە دروستکردنی شاری فەزیلەت و خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان. بەو واتایەی لەدیدگای ئەم فەیلەسوفەدا، شاری چاکەکاری و نمونەیی، کە بە دەربڕین و تێگەیشتنی ئەمڕۆ مەبەست دەوڵەتێکە کە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێت و خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئەوکاتە فەراهەم دەبێت، لە بۆچونی ئەودا ئەو شار و دەوڵەتەیە کە تێیدا مافەکانی ژنان پارێزراوبن، بەپێچەوانەوە هەژاری و ناخۆشی و نەزانین ڕوبەڕوی ئەو جۆرە شارانە دەبێتەوە (1998، 125). بڕوای ئەو ئافرەتان سەرباری ئەوەی لەجەستەدا لاوازترن، بەڵام دەتوانن ئەو کارانە بکەن، کە پیاوان پێی هەڵدەستن، هەروەها بە ئەرکێکی ئیجگار گرنگ و پڕ بایەخیش ڕادەگەن، کە بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵ کە ڕەگەزی بەرانبەریان ناتوانن بەباشی ئەنجامی بدەن. (ابن رشد، 1998ب، 124).

ئەم فەیلەسوفەی ئەندەلوس ڕوبەڕوی ئەم بۆچونە دەبێتەوە، کە لەو سەردەمەدا باوبوە لەوەی ئەرکی ژنانی بە وەچە خستنەوە دیاریکردوە، ئەو پێیوایە کورتکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ژن، تەنها لە منداڵ خستنەوە و خزمەتکردن لەچوارچێوەی ماڵدا لۆژیکێکی هەڵەیە و لە گوتاری قورئاندا ڕەتکراوەتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە نمونە بەو ستاییشانەی قورئان دێنێتەوە کە بۆ شاژنە (بلقیص)، کراوە، بۆیە لەتەفیسری چەندین دەقیتردا ویستویەتی ڕوبەڕوی ئەو بۆچون و تێڕوانینە نەرێنیانە ببێتەوە کە ژنانی وەکو کویلە و ڕەگەزی نزمتر بینیوە (2004أ، 3/76-77).

بیرکردنەوەکانی ئەم زانایە تا ئاستێکی ڕۆیشتوە، بەجۆرێک پییوایە هیچ ڕێگریەکی ئایینی و عەقڵی لەئارادا نییە کە بەربەست بێت لەوەی ژنان بەشداری لە قورسترین ئەرکدا بکەن، کە بریتییە لە کاروباری سەربازی و بەرگریکردن لە نیشتیمان، بەو مەرجەی پێشوتر لەگەڵ پیاوان بەشداری ڕاهێنان و مەشقی سەربازیان کردبێت، لەلایەکیترەوە بە پێچەوانەی تەواوی هزری سیاسی ڕابردو و سەردەمەکەیەوە، کە پێشەوایەتی (الامامة) تایبەت بە پیاوان کردبو ، زانای ناوبراو پێیوایە ئەوان توانا و لێهاتوی ئەوەیان تێدایە کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، بێبەشکردنیان بە یەکێک لەهۆکارەکانی دواکەوتوی و نەهامەتییەکانی ئەو کاتە لێکدەداتەوە (1998ب، 122، 126).

تێڕوانینی ئەم زانایانە لە سیاقی مێژوی خۆیدا ئێجگار گرنگ بوە، لەبەر ئەوەی دەبینین کاریگەری باش لەسەر میزاج و بیرکردنەوەی گشتی بەجێدێڵێت، دور نییە ئەمەش هۆکار بوبێت کە دۆخی ژنان لە ناوچەکانی ئەندەلوس باشتر بوبێت بەبەراورد بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی.

بە پێچەوانەی سۆفیگەری ناوچەکانی بەغداد، ڕوانگەی ڕێبازەکە لە وڵاتی ئەندەلوسدا تەواو جیاواز بو، پێدەچێت بنچینەی ئەم جیاوازییە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سۆفیگەری لە جیهانی ڕۆژئاوا و ئەندەلوس بەتەواوی لەژێر کاریگەری فەلسەفەدا بو. بەواتایەکیتر ئەگەر سۆفیگەری لە بەغداد پەیوەست بوبێت بە نەریت و کەلتوری سەردەمەکەوە، لە ئەندەلوس بیر و بنەماکانی لەگەڵ فەلسەفە تێکەڵ کرابون، بەمەش بۆچون و تێڕوانینەکانیان لەگەڵ بیرکردنەوەی فەلسەفیدا تەبا دەهاتەوە. یەکێک لە بیرمەندانی ڕێبازەکە (ابن عربي م.638ک/1240ز)، لەچوارچێوەی کتێبەکانیدا، وێنەیەکی ڕون و ئاشکرا دەربارەی ژنان پێشکەش کردوە. ئەم زانایەی ڕێبازی سۆفیگەری ئاماژە بۆ فەرمودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، کردوە کە لە هەندێک لە کتێبەکانی فەرمودەشدا هاتوە (الكلاباذي، 1999، 25؛ الطيبي، 1997، 11، 3621)، کە فەرمویەتی: **((لە دونیادا سێ شت خۆشەویست کراوە لام، ژنان، عەتر، نوێژ...))**، ئەو پێی وایە هۆکاری ئەوەی کە لە فەرمودەکەدا ژنان هاتون، ڕوداوێکی لەخۆڕا نییە، بەڵکو نهێنی و حیکمەتی زۆری تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ژنان بەشێکن لە پیاوان لەڕوی دروستبونەوە، ئەوان پێگە و نرخێکی بەرزیان لە پەیامی پێغەمبەراندا هەیە (2016، 214-215).

(ابن عربي)، پێگە و بەهای ژنان بە بابەتێکی فەلسەفی قوڵ گرێدەدات، ئەویش ئەوەیە تا خۆت نەناسیت خوداش ناناسیت، لەبەرئەوەی ژن بەشێکە لە پیاو، خودای گەورە لە بەشێکی ئادەم دروستی کردوە، بۆیە ئەوەی ژن نەناسێت، خۆشی نەناسیوە، کەواتە خودای بەرز و باڵاش ناناسێت، لەدیدی ئەم فەیلەسوفەدا ئەوەی ژنی خۆش نەوێت خودای خۆش نەویستوە، بۆیە عاریفان و خوداناسان لەهەمو کەس زیاتر ئەم دروستکراوەی خودایان خۆش دەوێت، نەک لەبەر حەز و ئارەزوی سێکس، بەڵکو لەبەر ئەو تایبەتمەندییەی کە خودا پێیداون (2016، 215).

دەربارەی ئەو ئایەتەی، کە دەڵێت پیاوان پلەیەک لەسەروی ژنانەوەن ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ...﴾ (سورة البقرة، 228)، پێیوایە ئەمە پەیوەستە بە دروستبونیانەوە، چونکە پیاو پێش ژن دروستبوە، سەرچاوەی دروستبونی پیاوە، لەبەرئەوە پیاوان پلەیەک لەپێشترن، ئەمە لەڕوی دروستبون و هاتنە بونەوە، نەک لەڕوی ئەرک و ماف و مرۆیی بونەوە. بە واتایەکیتر پیاوان لەڕوی هاتنە دونیاوە پلەیەک پێش کەوتون، لەدیدی ئەم فەیلەسوفەدا خودی ناوی ژنان (النیساء)، لەو ڕوداوەوە خوازراوە، کە بە وتای (تاخیر-دواکەوتو) دێت، لەمبارەیەشەوە چەندین نمونە لە قورئان دێنێتەوە (ابن عربي، 1999، 5/128-131).

ئەو تێڕوانینەی، کە پێیوایە ژنان بێ توانان لەڕوی عەقڵی و ئایینییەوە، (ابن عربي)، وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت ئەم بۆچونە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو نرخ و بەهایەی ئایینی ئیسلام بەژنانی بەخشیوە، بەڵکو ژنان و پیاوان یەکسانن، نمونە بە چەند ژنێک دێنێتەوە کە خودای گەورە وەکو عەقڵی کامڵ و تەواو ناساندونی، بەتایبەت خێزانی فیرعەون (اسیا)، و دایکی عیسا پێغەمبەر (د.خ)، (مریم)، ئەو پێیوایە ئەمانە بەڵگەن کە لەهەمو کاتێکدا پیاوان بە تواناتر و لێهاتوتر نین بە بەراورد بە ژنان، بەڵکو زۆرجار نمویەیەک لەژنان هەڵدەکەون، کە زۆر بەتوانات و لێهاتوترن لە پیاوان (1999، 5/ 128).

ئەگەر بە وردی سەرنجی گوتاری فیقهی و فەلسەفی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی لەهەردو ناوچەکە بدەین، ئەوە دەردەکەوێت، کە کەلتور و نەریتی ناوچەکانی بەغداد، بەسەر بیرکردنەوە و دیدگای بەشێک لە دەستەبژێرە ئایینی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمەکە باڵادەست بوە، ئەوان لەچوارچێوەی نەریتی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەیاندا نەک ئایینی، بۆچونیان لەبارەی ژنانەوە دەربڕیوە. بەپێچەوانەوە شەرعزان و زاناکانی ئەندەلوس لە هزرێکی قوڵی ئایینی و فەلسەفییەوە هەستیان بە کێشە و گرفتێکی گەورە کردوە، کە بریتییە لە خراپی بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگەی ئەوکاتەی مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆیە بەشێوەیەکی سەخت بەرگریان لە باشترکردنی ژیان و ئازادییەکانی ئەم چینەی کۆمەڵگە کردوەتەوە، هەروەها بەشێک لە ئازار و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامییان بە ڕەچاونەکردنی مافی ژنانەوە بەستوەتەوە. بۆیە ئەو گوتارەی ئەوان بەرگرییان لێکردوە لەو کاتەدا ئێجگار گرنگ و بەهاداربوە، چونکە بۆچون و دیدگای گشتی بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەربارەی ژنان بیری کردوەتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زانا و بیرمەندانی ئیسلامی گەیشتوەتە ئاستێک کە زۆر لەسەروی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە بون، لەدیدی ئێمەدا هەر ئەمەش وایکردوە کە ژنان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەلومەرجی ژیانیان باشتر بێت و بەشێوەیەکی فراوانتریش بەشداری لە چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگەدا بکەن.

## تەوەرەی چوارەم: بەشداری ژنان لە چالاکییە گشتی و ڕۆشنبیرییەکان لە بەغداد و ئەندەلوس لەماوەی (5-6ک/11-12ز)

سەرباری ئەو تێڕوانینە نەرێنییە دەربارەی ئەرک و مافەکانی ڕەگەزی مێینە لەلایەن بەشێک لە دەستەبژێر و خەڵکی ئاسایی لە ئارادابو، بەڵام بەهاتنی ئایینی ئیسلام و بەرگریکردنی لە پرسەکانی ژنان و بەرەنگاربونەوەی ئەو تێڕوانینە نەریتی و کەلتورییە مێژوییەی مرۆڤایەتی، دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەبەراورد بە ژنانی گەلانی دیکە زۆر باشتر و بەرزتربو، بۆیە لە چالاکییە گشتی و ڕۆشنبیرییەکاندا دەورێکی باڵایان پێدراوە.

لەناوچەکانی بەغداد چەندین ژن دەرکەوتون کە لەبواری بانگەوازی ئایینی و زانستدا بەشداریان لە چالاکییەکاندا کردوە. لەسەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەهەمی زاینی، یەکێک لە ژنانی ئەو ناوچەیە بەناوی (خديجة بنت موسى عبدالله م.537ک/1142ز) کە ناسراوە بە (ام سلمة)، دەورێکی باشی بینیوە لە هاندانی خەڵکی دەوڵەمەند و پارەدارەکان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت (ابن الخطيب البغدادي، 2002، 16/ 636).

لەلایەکیترەوە کچی زانا و فەیلەسوفانی بەغدادی (ابى البركات البغدادي م.560ک/1165ک) بەناوی (زينب ابى البركات) لەسەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەهەمی زاینی یەکێک بوە لە ژنە شەرعزانەکان، شارەزای تەواوی لە دەرهێنانی ئەحکامەکانی شەریعەت هەبوە (كحالة، د.س، 57/2).

هەندێک لە ژنان و کچانی موسڵمان بە ڕۆڵی مامۆستا و پەروەردکار هەستاون، لە دیارترین نمونە کەسێکە بەناوی (الماوردية)، کە ژنێکی زانستخواز و بانگخوازبوە، لەشاری (البصرة) ژنان و کچانی لەماڵەکەیدا کۆکردوەتەوە و وانەی پێگوتونەتەوە (ابن الجوزي، 2001، 257/2).

لەسەردەمی تەوائیفدا (ملوك الطوائف 422-484ک/1030-1091ز) لە وڵاتی ئەندەلوس، (المعتصم بالله بن صمادح 443-484ک/1051-1091ز) فەرمانڕەوای یەکێک لە شارەکانی ئەندەلوس بەناوی (المرية)، خولیای زۆری بۆ پەروەردە و فێرکردنی ژنان هەبو، لەبەر ئەوە گرنگی تایبەتی داوە بە فێرکردنی کچەکەی کە بە (ام الكرم) ناسراوە، هەمو هۆکارێکی فێربونی زانستی بۆ دابین کردوە (ابن سعيد المغريبى، 1955، 202/2).

لەدیارترین ئەو ژنانەی لەسەر دەستی گەورە زانایانی ئەندەلوس وانەیان خوێندوە بریتیبوە لە (ابنة فايز القرطبى)، ئەم کچە بەمەبەستی فێربون گەشتی زانستی بۆ چەند شارێکی ئەندەلوس کردوە، لەوانە شاری (دانية) و (بلنسية) کە دو شاری وڵاتی ئەندەلوسن، لەسەردەمی تەوائیفدا فەرمانڕەوای سەربەخۆی خۆیان هەبو، لەو دو شارە لە کۆڕی زانستی زاناکان ئامادەبوە. (ابن الابار، 1995، 67/4؛ المراكشى، 2012، 44/3). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئەوکاتەی ئەندەلوس بەچاوی ڕێز و شکۆمەندییەوە لە ژنانی ڕوانیوە و ڕێزیگرتون، بەتایبەت

لەسەردەمی خێڵەکی کە بە بەراورد بەسەردەمەکانیتر کراوەتربوە بەرانبەر  مافی ژنان و دەرفەتی خوێندن و کاری بۆ ڕەخساندون. لەوسەردەمەدا ژنان فێری زانست و ئەدەب و ئایین کراون، بۆیە ئەمیرەکان مامۆستای تایبەتیان بۆ فێرکردنی کچەکانیان بەکرێگرتوە، کۆمەڵگە بەچاوێکی بەرزتر سەیری ئەو ژنانەی کردوە کە خەریکی زاستبون، ڕەنگە ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوبێت بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان ڕو لەو بوارە بکەن. (خیری، 2022، 242).

لەو ژنە خوێندەوارانەی کە لەکۆمەڵگەی ئەندەلوسیدا ڕێزی زۆریان لێگیراوە، ژنێک بو بەناوی (مريم ابى يعقوب الفصولى الشلبى) لەشاری (اشبيلية)ی وڵاتی ئەندەلوس نیشتەجێبوە، ئەدیب و شاعیرێکی بەناوبانگ بوە، ڕۆڵی لە فێرکردن و پەروەردەکردنی ژنان و کچان،ماڵەکەی وەکو قوتابخانەیەکی بچوک ڕۆڵی بینیوە (ابن عميرة، 1967، 543-544). سەرباری ئەوەی خاوەنی چەندین هۆنراوە کە باس لە دۆخ و ژیانی سەردەمەکەی دەکات. (الحميدي، 1966، 412 ؛ المقري، 1997، 291/4).

لەسەردەمی موڕابتین کۆمەڵگەی ئەندەلوسی تێڕوانیان بەرانبەر بە خوێندنی ژنان نەگۆڕا، بەڵکو بەشێک لە ماڵبات و کەسایەتییە دیارەکان کچەکانی خۆیان فێری زانستەکان کردوە، بۆنمونە (ام هانئ بنت القاضى محمد بن عبدالحق بن عطية)، هەروەها (حمدونة بنت على بن نافع زربان) لەسەر دەستی دایک و باوکی فێرکراوە، شاعیری و ئەدبێکی ناوداری لێهەڵکەوتوە (المراكشي، 2012، 415/5؛ المقري، 1997، 131/3).

فێربونی زانست لەو ناوچەیە تایبەت نەبو بە ژنانی ئازاد و چینی ئەرستوکرات، بەڵکو کچان و ژنانی کۆیلەش فێری زانست کراون، لەوبارەیەوە (ابن بسام) دەڵێت: ((...کەنزیزەکان فێری هەمو بوارەکانی زانست دەکران... بەشێک لەوان بون بە زانا، حەکیم و فەیلەسوف، ئەندازیاری و گەردونناس)) (1997، 320/5). لەدیارترین ئەو ژنانەی کەنیزەک بون و بون بەزانای دیار (السوداء العروضية)، لەشاری بلنیسیە دەرکەوت و ڕۆڵی دیاری بینیوە لە بواری زانستیدا (ابن الابار، 1995، 250/5؛ المراكشي، 2012، 410/5).

بەپێی گوتەی ڕۆژهەڵاتناسێک، ژنانی زانا لەناو کۆمەڵگەی ئەندەلوسدا بەها و نرخیان زۆر بەرزبوە (ريبيرا، 1994، 130). لەوبارەیەوە یەکێک لە دیارترین زانا و فەیلەسوفی ئەندەلوس (ابن حزم) لەسەر دەستی ئەو ژنە زانایانەوە پەروەردە بوە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری بەشێک لە بۆچونەکانی بێت دەربارەی ئەم توێژەی کۆمەڵگە، لەوبارەیەوە خۆی دان بەو ڕاستییە دادەنێت کە لەسەردەستی ئەو ژنە زانایانە فێری قورئان و نوسین و هۆنراوەکراوە، کە کەنیزەک بون. زانای ناوبراو دەڵێت: **((من لەگەڵ ژنان گەورەبوم، نهێنییەکانیان فێربوم، ئەوەی کە زۆر بەزحمەت کەسێکیتر دەیزانێت، من لەسەر دەستی ئەوان گەورەبوم، جگە لەژنان کەسیترم نەدەناسی و**

**لەگەڵ پیاوان دانەنیشتم تا بوم بەگەنج... ئەوان فێری قورئان و هۆنراوەیان کردم، ڕاهێنانیان لەسەر دەست و خەت پێکردم))** (1980، 166/1).

کەواتە سەرباری ئەو تێڕوانینە نەرێنیەی بەرامەر ئەم ڕەگەزە لەناو کۆمەڵگەدا چەسپیبو، کەچی ژنان لەبواری پەروەردە و فێرکردندا، ڕۆڵێکی باڵایان بینیوە، لەناو جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا، بەهۆی دید و تێڕوانینی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی ناوچەکەوە، پێگە و ڕۆڵی ژنان لەناوچەکانی ئەندەلوس باشتر بوە بە بەراورد بە ناوچەکانی بەغداد.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و وردبونەوەی سەرچاوەکانەوە، لەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەند دەرەنجامێک کە لە خوارەوە کورتیان دەکەینەوە

**یەکەم:** باڵادەستی بیرکردنەوەی پیاوسالاری تایبەت نەبوە بە کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەڵکو کەلتور و نەریتێکی مێژویی کۆمەڵگەی مرۆیی بوە، ئایینی ئیسلام دژ بەو بیرکردنەوە دژە ژنەدا ڕوبەڕو بوەتەوە، لەم چوارچێوەیەدا نرخ و پێگەی بۆ ژنان گەڕاندوەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی نکوڵی لەوە ناکرێت کە ئەم نەریتە مێژوییە لەڕێگەی بیرکردنەوەی گشتی کۆمەڵایەتییەوە خۆی خزاندوەتە ناو گوتاری ئایینی هەندێ لە شەرعزان و زاناکانەوە. بە واتایەیکتر ئەم نەریتە پەیوەست نەبوە بە پەیامی ئایینی ئیسلامەوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی بوە، کە ڕەگەکانی دەچنەوە ناو نەریتی مێژوی کۆمەڵایەتی.

**دوەم:** بەپێچەوانەوە دەقەکانی قورئان و فەرمودە، لە چەندین شوێندا،بەرگریگاری ماف و ئازادییەکانی ژنان بوە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر زانا و بیرمەندانی ئیسلامی بون، کە لەناوچەکانی بەغداد و ئەندەلوس بە پێچەوانەی نەریتی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە لێکدانەوەی فیقهی بیریان کردوەتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بیرکردنەوەی زانا و بیرمەندانی ئیسلامی زۆر بەرزتر بوە لە ئاستی بیرکردنەوەی گشتی کۆمەڵایەتی، لەسەر ئەم بنچینەیە فەیلەسوفانی ئیسلامی بەتایبەت لە ئەندەلوس هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستیەدابو کە دەقەکانی قورئان و فەرمودە لەبارەی ژنانەوە، بەجۆرێک شیبکەنەوە کە ببێتە هۆی باشترکردنی مافی ژنان.

**سێیەم:** سەرباری هەمو ئەوانە، ژنان توانیویانە توانا و لێهاتوی خۆیان دەربخەن بەتایبەت لەبورای زانستی و ڕۆشنبیریدا، لەو ماوە مێژوییەی توێژینەوەکە، چەندین ژن دەرکەوتون کە خزمەتێکی گەورەیان بەو بوارە کردوە.

# Women in Islamic thought and philosophy in Baghdad and Andalusia for two centuries (5-6 AH/11-12 AD, comparative analytical study

**Sangar Abdalla Rasul**

Department of History, college of human science, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

Due to the extensive discourse and scholarly investigation pertaining to the status and involvement of women within the academic and cultural hubs of this particular area, the ongoing disparities and vehement confrontations between adherents and detractors of Islamic ideology regarding the standing and contributions of women persist. Consequently, it is imperative to approach this matter with a discerning outlook that is devoid of prejudiced perspectives and is situated within the framework of the historical epoch. Intellectuals, professionals in the field, and even members of the general public frequently engage in a wide range of discussions regarding women's rights and how their status among Muslims challenges this perception. Our study makes an academic and scientific effort to examine this problem from a Muslim point of view.

During the period spanning the fifth and sixth centuries AH, which correspond to the eleventh and twelfth centuries AD, an examination of the historical contexts of Baghdad and Andalusia reveals significant developments. Through meticulous research and thorough analysis of various sources, it is essential to elucidate the perspectives held by Islamic groups and movements on the subject of women. It is imperative to gauge the extent to which societal cultures and traditions permeate religious attitudes towards women. Based on this foundation, a comparative analysis of the viewpoints espoused by Islamic religions and movements in both regions under scrutiny will be undertaken.

The study presents the views of scholars and Philosophers in Baghdad and Andalusia, and explains the participation of women in public and cultural activities in both regions.

**Keywords:** Women Baghdad, Andalusia, Thought, Shari'azan.

## سەرچاوەکان:


**القران الكريم**

**ابن الابار، محمد بن عبدالله بن ابى بكر. (1995)** تكملة الكتاب الصلة، تح: عبدالسلام الهراس، بيروت، دار الفكر للطباعة.

**امام عبدالفتاح امام (1996أ)** ارسطو والمرأة ، القاهرة، كتبة مدبولى.

(1996ب) افلاطون والمرأة، ط2، القاهرة، مكتبة مدبولى.

(1996ج) الفيلسوف المسيحى و المرأة، القاهرة، مكتبة مدبولى.

**البخاري، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة ابن بردزبه.** (1311هـ) صحيح البخاري، تح: جماعة من العلماء، مصر، مطبعة السلطانية.

**البركات، شعاد شعبان محمود عبدالقادر** (2010) تفنيد الشبهات حول ميراث المرأة في الإسلام، الاسكندرية، دار الصفا والمروة.

**ابن بسام، ابو الحسن على الشنتريني (1997)** الذخيرة فى محاسن اهل الجزيرة، تح: احسان عباس، بيروت، دار الثقافة.

**البلخي، مقاتل بن سليمان (2002)** تفسير مقاتل بن سليمان، تح: عبدالله محمود شحاته، بيروت، دار احياء التراث.

**بيرغل، يوهان كرستوف (2016)** القهر والسلطة القدر الالهية والقوة المتمدة منها الدين والعالم فى الاسلام، تر: محمود كبيبو، بيروت، دار الوراق.

**الثعلبي، ابو اسحاق احمد بن ابراهيم** (2015) الكشف والبيان عن تفسير القرآن، تح: عدد من الباحثين، الرياض، دار التفسير.

**جوزي ابن الجوزي، عبدالرحمن بن على بن محمد** (2001) تلبيس ابليس، بيروت، دار الفكر للطباعة والنشر.

**(2005)** صفة الصفوة، تح: احمد بن على، القاهرة، دار الحديث.

**الجويني، عبدالملك بن عبدالله محمد المعالي (1980)،** غياث الامم في التياث الظلم، تح: عبالعظيم الديب، ط2، السعودية، مكتبة الامام الحرمين.

**ابن حزم الاندلسى، ابو محمد على بن احمد** (1980) رسائل ابن حزم الاندلسى، تح: احسان عباس، بيروت، مؤسسة العربية للدراسات والنشر.

(1985) النبذة الكافية فى احكام اصول الدين، تح: محمد احمد عبدالعزيز، بيروت، دار الكتب العلمية.

**(1996)** الفصل فى الملل والاهواء والنحل، تح: محمد ابراهيم نصر و عبدالرحمان عميرة، ط2، بيروت، دار الجيل.

(2010) طوق الحمامة في الفة والالاف، تح: محمد ابراهيم سليم، القاهرة، مكتبة ابن سينا.

(دس) المحلى بالاثار، تح: عبدالغفار سليمان البندارى، بيروت، دار الفكر.

**حميدي الحميدى، محمد بن الفتوح بن عبدالله (1966)** جذوة المقتبس فى تاريخ علماء الاندلس، تح: بشار عواد معروف و محمد بشار عواد، القاهرة، دار المصرية للتاليف والنشر.

**ابن حنبل، الامام احمد** (2001) مسند الامام احمد ابن حنبل، تح: شعيب الارنوؤط و عادل مرشد واخرون، د. م، مؤسسة الرسالة

**الخزرجي، ايناس ناجي احمد** (2023) حماية حقوق المراة في الاسلام، دهوک، مجله جامعة دهوک، مجلد 26، العدد 1.

**ابن الخطيب البغدادي، ابو بكر احمد بن على بن ثابت احمد (2002)** تاريخ بغداد، تح: بشار عواد معروف، بيروت، دار الغرب الاسلامى.

**خيري خديجة خيري عبدالكريم (2022)**المرأة الاندلسية و دورها الثقافى فى عهد ملوك الطوائف (القرن الخامس الهجرى/ الحادى عشر الملادى)، مجلة التاريخية الجزائرية، المجلد 6، العدد 2، الجزائر، 2022، ص234-255.

**الدبوسي، عبيد الله بن عمر بن عيسى** (2001) تقويم الأدلة في أصول الفقه، خليل محيي الدين الميس، مفتي زحلة والبقاع ومدير أزهر لبنان، بيروت، دار الكتب العلمية.

**فخر الدين الرازي، محمد بن عمر بن الحسين (1420هـ)** مفاتح الغيب، ط3، بيروت، دار احياء التراث العربى.

**رشد ابن رشد الحفيد، ابو الوليد محمد** (1998أ) الضروري في السياسة مختصر كتاب السياسة لافلاطون، تر: احمد شحلان، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية.

(1998ب) تلخيص السياسة الافلاطون محاورة الجمهورية، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر.

(2004) بداية المجتهد ونهاية المقتصد، القاهرة، دار الحديث.

**ريبيرا ، جوليان (1994)** التربية الاسلامية فى الاندلس، تر: طاهر احمد مكى، القاهرة، دار المعارف.

**ابن سعيد المغريبى، على بن موسى العنسى الاندلسى (1955)** المغرب فى حلى المغرب، تح: شوقى ضيف، ط3، القاهرة، دار المعارف.

**الطيبي، شرف الدين الحسين بن عبد الله** (1997) الكاشف عن حقائق السنن، تح: عبد الحميد هنداوي، الرياض، مكتبة نزار مصطفى الباز.

**ابن عبدالملك المراكشى، ابو عبدالله محمد بن محمد (2012)** الذيل والتكلمة الكتاب الموصول والصلة، تح: احسان عباس واخرون، تونس، دار الغرب الاسلامى.

**ابن عربي، محي الدين محمد بن على بن محمد (1999)** الفتوحات المكية، تح: احمد شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية.

(2016) فصوص الحكم، تح: عبدالرزاق القاشاني، القاهرة، دار الافاق للنشر والتوزيع.

**عرفة، عبدالقادر (2006)** المدينة والسياسة دراسة في الضروري في السياسة لابن رشد، القاهرة، مركز الكتاب للنشر.

**ابن عميرة، احمد بن يحيى احمد (1967)** بغية الملتمس فى تاريخ رجال اهل الاندلس، القاهرة، دار الكتب العربى.

**الغزالي، ابي حامد محمد بن محمد بن محمد الطوسي (2011)** احياء علوم الدين، دار المهاج، جدة.

**فخري، مها** (1998) حقوق المراة في المسيحية، بيروت، مطبعه النور.

**ابن الفراء، أبو زكريا يحيى بن زياد بن عبد الله بن منظور (د.س)** معاني القرآن، تح: أحمد يوسف النجاتي/ محمد علي نجار النجار و عبد الفتاح إسماعيل الشلبي، مصر، دار المصرية للتأليف والترجمة.

**لوبون، غوستاف (د.س)** حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، مصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

**كحالة، عمر رضا (د.س)** اعلام النساء، بيروت، مؤسسة الرسالة.

**الكلاباذي، محمد بن أبي إسـحاق بن إبراهيم بن يعقوب** (1997) بحر الفوائد المشـهور بمعاني الأخبار، تح: محمد حسـن محمد حسـن إسماعيل – أحمد فريد المزيدي، بيروت، دار الكتب العلمية.

**كيال، باسمة** (1981) تطور المراء عبر التاريخ، بيروت، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر.

ماوردي الماوردي، ابو الحسن على بن محمد بن محمد بن حبيب البصري (د.س) لنكت والعيون، تح: السيد ابن عبد المقصود بن عبد الرحيم، بيروت، دار الكتب العلمية

**(1407هـ)** سياست نامة، تح: يوسف حسين بكار، ط2، قطر،دار الثقافة.

**محمد الغزالي و محمد سيد طنطاوي و احمد عمر هاشم** (د.س)، المرأة في الاسلام، د.م، مطبوعات اخبار اليوم.

**ابن المختار الاندلسي، مكي ابي طالب محمد حموش، (2008)، الهداية الى بلوغ النهاية، الامارات، مطبعة الشارقة.**
**مسكين، متى** (1982) المراة حقوقها واجبتها مصر، مطبعة القديس انبار مقار.
**المقري، شهاب الدين احمد بن محمد (1997)** نفح الطيب من غصن الاندلس الرطيب، تح: احسان عباس، بيروت، دار صادر.
**ابن منظور، محمد بن مكرم بن على** (1993)، لسان العرب، بيروت، دار صادر.
**مؤنس، حسين** (1988) المراة من منظر الاسلام، القاهرة، دار الصحوة للنشر.

**Smith, Nicholas D.** (1983) Plato and Aristotle on the Nature of Women, Journal of the History of Philosophy, Volume 21, Number 4